# چوار*

# سلەیمانی نامە

# شێرکۆ بێکەس

-1-

لەم شارەدا
پیاوم بینیوە مشکیەکەی
لە زێڕ بووە، بۆینباخی لە زمرووتو
ژنم بینیوە کراسی لە مرواریو
سەربەستی سەری بە مەرجان!
بەڵام کەسیان

* فەزای ئەم جۆرە شیعرانە، لە ڕاستیدا لە فەزای چیرۆکەوە نزیکن، زمانی گێڕانەوە یان سەردیان بەسەردا زاڵە. وێنەکان زۆرجار ڕاستەوخۆو فۆتۆگرافین. شیعری پوختو درامیی نین. من پێشتریش لەم ئەزموونەدا کارمکردووە. لەبەرئەوە ناکرێ تەنها وەك شیعر تەماشایان بکەین. نموونەیش ئەم دەقەیە کە لە چوار بەش پێکهاتووەو لە ئەدەبی بیرەوەرییەوە نزیکن واتە لە باتی ئەوەی وەك پەخشان یان وتار بنووسرێن ئەم فۆرمەیان وەرگرتووە تێکەڵەیەك لە شیعرو چیرۆكو وتارو پەیڤی ئەدەبی. بەشی یەکەمو دووەم لە شیعرەوە نزیکترن بەڵام سێهەمو چوارەم دوورترنو تەنها ناوبەناوێ جریوەی شیعریان تێدایە. گەڕانەوەی واقیعێکە وەك خۆی چۆن بووەو ڕەگەزی خەیاڵیان تێدا کەمە.          ش. ب

له بیری شیعرم نه‌ماون

له دواییشدا

بوون به هه‌ڵمی سه‌ری "گۆیژه" و

پووشی ده‌م بای

"ناوگردان" و سه‌ر "ده‌باشان"

که‌چی هه‌موو ساڵێ جارێك

دووجار.. زیاتر:

"ناسکه دولبه‌ره‌که"ی.. ڕه‌شۆل.

قه‌تاره‌که‌ی.. حه‌مه‌ی به‌کر.

کامێراکه‌ی.. یه‌حیا فه‌ندی.

چه‌قاله‌ی.. ئامه‌ی چه‌قاله‌و

به‌رگی که‌شافه‌که‌ی به‌ری.. صالح عه‌لی‌و

سه‌رپۆشه‌که‌ی.. به‌هێ مه‌عروف

یان مشکیه‌که‌ی.. فایه‌ق قه‌ساب.

تاد.. تاد.. تاد

به سه‌ردان بێ‌و به میوانیی

یان شیعرم ئه‌چێ بۆ لایان

یاخود ئه‌وان

ئارام.. ئارام

له گۆیژه‌وه دێنه خوارێ‌و

ئه‌گه‌نه لام!

-2-

هه‌ر ڕۆژێ یاخود هه‌ر شه‌وێ

ئه‌گه‌ر "ئه‌زمڕ" بێتاقه‌ت بێ‌و

ڕوخساری دابێ به یه‌کداو

گرژو مۆن بێ!

ئه‌زانن "هه‌ڕووته" چێکا؟!

دائه‌نه‌وێ‌و

سه‌ری ئه‌باته پێشه‌وه‌و

له نوكتەی ترش‌و شیرینی سلەیمانی
هەندێكی بیرئەخاتەوەو
ئیتر ئەزمرِ قاقا قاقا
پێئەكەنێ‌و
دوای پێكەنین
بە دەسەسرِی سروەیەك
چاوی ئەسرِێ‌و
دوایی ئەڵێ:
گۆرِەكانتان
پرِ نووری "ئەحەی كورِنوو" بێ
یادتان بەخێر
وەك یادی مانگەشەوی هاوین‌و چیغی
سەر سەربانی جاران. یادی پەیژەو
گۆزە ئاوو، لەتە شووتی بەكەتانی
سپی تەنك داپۆشراوو یادی سەرەتاتكێ‌و نامەی
دڵداریی یەكەم جار، ئاورِشێنی دەمەو عەسری
بەر ماڵان‌و، سینەمای "صلاح الدین" و
فیلمی هیندی چابك والی‌و عەنتەر والی‌و
سینەمای گۆیژەی هاوینەو لۆجەكانی.
ئەی شیرینی‌و ئەی میوەكانی پێكەنین.
یادتان ئەكاو بیرتان ئەكا سلەیمانی.
چون بیركردنی ئەوساكەی حاجی لەق لەقی
هەڵنیشتووی سەر دارتەل‌و سەر منارەو
یادتان ئەكەین ئەی شەپقەكانی "فەرید" و
ئەحەی میرزاو سدارەكەی ئەورِەحمانی باخەوان‌و
گەپ‌و تەنزی خاڵە مچەو خاڵە رِەجەب.
گۆرِەكانتان
پرِ نووری "ئەحەی كورِنوو" بێ
سلەیمانی بیرتان ئەكا:
ئەی گەزۆی قسەی زۆر خۆش‌و

ئەی ختووكەی نوكتەكانی
هەتا ئیستا هێشتا تازەی
"فەریق" و "عیززەت یەكپارچە" و
"كشمیش" و "حەسەنی شیرین"

★

ئەمانە شانە هەنگوینی
شارەكەم بوون
هەر هەنگ بوونو
لە ناویاندا زەردەواڵەیەك هەڵنەكەوت
بدا بە دڵی شارەوەو
بدا بە دڵی شیعرەوەو
ئەوەی هەڵكەوتو تانە بوون
لە سەرچاوو پەڵەی پیس بوون
بە كراسی ئەم شارەوە
هەر هەموویان، لە خواپیاوانی باڵا بوون!

-3-

ئێوارەیەكی درەنگەو
بەڵام هێشتا
بۆ منی "بێكەس" زۆر زووە!
بە دوو سێ شیعری تازەوە
سەر بەرەو ژوور، جادەی سابونكەران ئەگرم.
لە ئاورێكی خێراداو بەلای ڕاستدا
لەودیو جامخانەی ڕوونەوە
دوو سێ ڕیزێ قاپی مەیو
سدارەكەی سەری "جەرجیس"
ئەبینمو تێئەپەڕم!.
كەمێك ئەڕۆم، ئەپەڕمەوە
لە دوكانێكی بچووك لائەدەم
ئەم دوكانە نەسێ گۆشەیەو نە چوارو

نە لاكێشەو نە خڕیشە. لەناو دنیای
ئەندازەدا، ناوی نییەو فۆرمی نییە.
سەرە مقەستی ڕیزێكەو
هەر لە خۆیەوە زیادەیەو دوكانیشە.
ئەچمە ژووریٚو بەڵام ئاگای لە من نییە.
سەری بەسەر تابلۆیەكدا دانەویوە
كە ئەمبینیٚ دەست هەڵئەگریٚو
هەردوو دەستیش بۆیاوییە.
لەسەر تاقە كورسی نزمی
تەنگو بێپشت دائەنیشم
لە ئیستاوە
"خالید" چاوێكی نیشتووەو
چەند وشەیەكی سەر زاری
وەختیٚ كە دێنە دەرەوە
سەرخۆشنو بەملا بەولادا ئەكەون.
دیوارەكان هەمووی پەندی "پیرەمێرد" و
وێنەی سەروملی ئەون.
خالید زامدار
گەنجێكی پیر.
بەیانییەكی ئێوارە.
بەهاریٚ لەناو پاییزدا.
دار لیمۆیەكی كۆماوە
لە سەردەمی بەربەریەكانی عێراقدا.
خالید زامدار
هەموو ڕۆژیٚ لەم بستەدا
خەتی خۆشو
كوردایەتیو بادەو مەراق
شیعرو دووكەڵو هەناسەی
لەگەڵ یەكدا تێكەڵ ئەكاو
دوای نووسینی هەر وشەیەك

پێکی ژێر مێز دەرئەهێنیٚو
سەری بۆ نزم ئەکاتەوەو
قومێکی خێرای لێئەدا.
لەولایشەوە "دووئاوان"ی دەنگی چالاك
ئەیدا بە دەم شەپۆلەکانی خۆیەوەو
جارێك هەتا بنی دنیاو
جارێکی تر بەرەو ئاسمان
تا لای عەرشی خودا ئەیبا!
دیوارەکانی سەرجادە
بوون بە دیوانی شاعیران:
ئەم هەفتەیە بۆ پڵنگێکی زامداری
شیعری بێکەس.
جارێکی تر بۆ پەپوولەو
مۆمی خەمی "مەولەوی"یە
ڕۆژێکی تر بۆ چریکەی
هەڵۆی شیعرێکی "حەمدی"یە!.
خالید زامدار
گەنجێك لەو دار هەرمێیانەی
ناکام ڕوا، ناکامیش مرد.
ئاوێنەیەك لەو ئاوێنە بەدبەختانەی
لەم شارەدا، هەر تەم ئەیگرت.
ڕۆژێك خۆشیی
لەبەر ساماڵێکی ئەودا
تەماشایەکی خۆی نەکرد!
خالید زامدار
لەناو دیرۆکی ئافاتدا
هەموو ڕۆژێ لەسەر جادەی سابونکەران
لەسەر دیوار
چرایەکی دەستەواژەو
یان شەمێکی بۆ عەشقی خاك

لەناو ڕۆحی ئەو خەڵکەدا
دائەگیرسان!

-4-

وا بەرەو ژوورتر ئەبمەوە.
دەرگای تەنەکەی قوپاوی
زیکە زیککەر ئەکەمەوەو
ئەمجارەیان
ئەچمە ناو "کەشتی نووح"ەوە.
بەرلەوەی چاو هیچ ببینێ
یەکسەر دوو سێ بۆنی تێکەڵ:
لە عەرەقو لە سەلکەپیازی جنراوو
لە پاقلەی تازە کوڵاوم ئەگەنە لووت.
لەسەر مێزێك، پشیلەیەکی سەر زلی
تووك قاوەیی کلك قەف قەف
درێژ بووەو باوێشکئەداو لەولایشەوە
کتلی ئاوی، تا مل ڕەشبووی، سەر زۆپاکە
قوڵپ ئەداتو ئاو هەڵئەچێو
چزە چزێ لەسەر زۆپاو
بەرەو ژووریش هەڵمێکی خۆڵەمێشیی تۆخ
لە لوولەی کتلی هەڵئەسێ.
چەند ڕیز کورسی لە یەك نەچوو
درێژو کورت، پانو تەسكو،
بەرزو نزم. یەکێ شینو
یەکێ سەوزو، یەکێ ڕەنگی چوواوەیەو
یەکێتی تر ئەلەقێتو
یەکێکی دی دەسکی شکاو.
ئەم کورسیانە پشت لە دەرێو
ڕوو لە دیوار دانراون.
تەختەی ڕەشی درێژکۆلەی

تەختەسڕ لەسەر لێواری.

هێشتا هەندێ وشەو ناوی

نەکوژاوەی وانەکانی

ئەو ڕۆژەیان لەسەر ماوە

وەکوو "داراو دووروو دارو"

وەکوو "دنیاو دیارو دەوەن"

یاخود ڕستەی

"ئەمڕۆ ڕۆژێکی هەتاوە!"

کەشتی نووحەو

لەپڕ مشکێك فرتە ئەکاو

لە سوچێکی نادیاریشدا لە بنەوە

تەڵەی تەختە ئەتەقێتو

پشیلەکەیش دائەچڵەکێو

بەسەر مێزدا بازئەداتو

کلکی بۆ سەر پشت هەڵئەبڕێ!.

"مامۆستا مەلا نەجمەددین"

پیاوێك لە تەباشیرو لە بادەو

مەرەکەبو لە شیعری کۆن.

پیاوێك لە کاکڵی پەندو

لە باسووقی قسەی نەستەق.

بەردەوامیش لەگەڵ بۆنی "مەستەکی"دا

بۆنی چوارینەی خەیامو هەمەدانیو

بۆنی بۆکڕووزی کوردو

خەونی سوتاوی وڵاتو

بۆنی شەوی داریکەلیو

بۆنی یاڵی ئەسپەڕەشی

لێوە ئەهات!

نە باڵای کورتو نە درێژ.

لەژێر پیرە کلێتەدا

تووکی سەری دوو سێ سانتیم. ڕەشێکی جیڕ.

دەم‌و چاوی ئاڵ ئاڵ وەکوو توێکڵی هەنار.
پەڕی لووت‌و سەر ڕوومەتی
وەك جۆگەلە بە زۆر لادا
دەماری وردی شین باویان
پێدا ئەڕوا.
دوو چاوی تیژ، ڕوون‌و قووڵ قووڵ
وەختێ کە سەیرت ئەکردن
دنیای ڕەنج‌و دەردەسەری‌و
ئاسمانێکی خۆڵەمێشیی
عومرت تیا بەدیئەکردن.
پاڵتۆی درێژی عەسکەریی ڕەنگ زیرەیی.
یەخەی یەکی بستێ پان‌و
قۆپچەی زل‌و گەورە گەورەی
لە دوولاوە، وەکوو هەشت چاوی گا وابوون
هەمیشە سەیریان ئەکردی.
دەنگێکی گڕی ئەشکەوتیی
پان‌و ڕێ ڕێ
وەختێ ئەدوا وشەکان قەبە ئەبوون‌و
ئەکشان‌و بە هەیبەت‌و سامێکەوە
خۆیان ئەدا لە پەردەی گوێ!
"کوڕی بێکەس! بخۆ! لە پاقلەی عەننابی!"
لە بێدەنگیدا، لچ‌و لێو
وەختێ کە ئەچوونە سەر یەك
لچیان لە لێو لە پێشترو
ئاڵێکی تۆخ‌و دیارتر بوو!.
دەفتەری تەنگە ئەستووری کەتە کەتە
لەناو سنووقی تەنەکەی بە قفڵی زل
داخراودا، هەڵگیرابوون.
هەندێکیشیان بە دەرەوەو لەناو دۆڵابی حاجەتدا
ڕیزکرابوون. پەڕەی زۆریان زەرد هەڵگەڕاو،

هەندێکی تر بە تەقەڵی درێژ درێژ پەڕەکانیان
بەسەریەکدا دادوورابوون. هەندێ بەرگو
هەندێ پەڕەیش، پەڵەپەڵە، چایان بەسەردا
ڕژابوو، ئەم دەفتەرانە گەنجینەو
توحفەی جوانی ئەم زمانەو خەیاڵدانی شاعیران
بوون. هەر هەموویشیان، لەبەر فانۆزی
شەوگاری تەنیاییدا، بەدەست خەتە زێڕینەکەی
خۆی نەخشابوون.
پیاوێك لە کلۆ تەباشیر.
پیاوێك لە تەختەی تەختەسڕ.
پیاوێك لە تکەی مەرەکەب
هەتا مردن، هەتا پشیلەکەی خواردی
مجەوری شیعری ئێمەو
زێوانی وشەی کوردی بوو!

سلەیمانی - کانوونی دووەمی 2008